سەید حەکیم: عێراق و میسر هاوبەشن لە پاڵپشتی سەقامگیری و گەشەپەدانی ناوچەکە



لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نێوان بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت و بەڕێز بەدر عەبد ئەلعاتی وەزیری دەرەوەی میسر و هاریکاری نێو دەوڵەتی کە لە کبوونەوەکانی کەمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بەشدارە و لە قسەکانیدا سەماحەتی حەکیم باسی پەیوەندی مێژوویی نێوان عێراق و میسری کرد لەگەڵ گرنگی چەسپاندنی لەسەر هەموو ئاستەکان لەگەڵ باسکردنی ڕۆڵی میسر لەسەر ئاستی نەتەوەیی و عەرەبی.

هەروەها بیروڕا لەبارەی پێشهاتەکانی ناوچەکە ئاوگۆڕ کرا و هەردوولا جەختیان لە گرنگی سەقامگیری و ئارامی لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردەوە، زیاتر جەختیان لە گرنگی بەردەوامی هاوکاری بە کەمکردنەوەی گرژییەکان و یەکەمایەتیدان بە چارەسەرە سیاسی و دیپلۆماسییەکان کردەوە، بەمەش بەشداریکردن لە بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە و پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی وەتانی ناوچەکە..

لە بارەی عێراقیش، بەڕێز حەکیم دووپاتی کردەوە کە عێراق ئامادەکاری دەکات بۆ ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی ئەرکی هاوپەیمانی نێودەوەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، بەو پێیەی ئەم هەوداوە بەرچاوە نوێنەرایەتی پەیامی بوژانەوەی عێراق دەکات لەسەر هەموو ئاستەکان، پاڵپشتی خۆی بۆ حکومەتی عێراق دووپاتکردەوە لە هەوڵەکانی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و چارەسەرکردنی کێشەی چەک لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت، لەلایەکی دیکەوە وەزیری دەرەوەی میسر پاڵپشتی بۆ چەواشەکاری میسری بۆ عێراق و هەوڵەکانی بۆ گێشتن بۆ گەشەپەدان و خۆشگوزەرانی دووپاتکردەوە...